# "حکومەتی یەکگرتوو" یان، زەواجی سیاسی ؟

خەسرەو سایە

k.saya@ukonline.co.uk

سەرەرای پروپاگەندە وپیداهەلدانی رۆژانەی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی وپارتی، بەسەر"یەکگرتنەوەی هەردووئیدارە"دا، کەچی لەبەرامبەردا خەلکی کوردستان ئەم هەنگاوە نەك هەر نەبۆتە جیگای پیشوازی لیکردنیان، بەلکو تادیت دەبیتە مایەی کالتەپیکردن وبەفەرامۆشکردنی. بەلام بەمحالەوە هیشتا وەلامی ئەوپرسیارانە لەشوینی خویدا ماوەتەوە ئایا بەراستی ئەمجارە ئەم دوحیزبە دەیانەوی دەسەلاتەکانیان بەکردەوە یەکخەنەوە؟ ئەگەر ئا هۆی ئەمەچییە؟ لەمەش زیاتر ئایا لەسایەی ئەم هەنگاوەدا خەلکی کوردستان تەنانەت لەکەمترین ئاستدا، ریگایان پیدەدری لەحکومەتە "خەلك"ییەکەی یەکیتی وپارتیدا بەشداری بکەن؟ ئایا بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە خەلکی کوردستان لەگەندەلی ئیداری وفەسادی دسەلاتی ئەم دووحیزبە رزگاریان دەبی ولەماف و ئازادیو خزمەت گوزرایەکانیان بەهرەمەند دەبن؟ ئایا ئیدعای "حکومەتی خەلك ومونەسەسات ویاسا" ئەتوانی لەژیر سایەی دەسەلاتی یەکیتی وپارتیدا واقعیەتی هەبی؟..

وەلامی ئەم پرسیارانە تەنها لەورووەوە پیویست نیە کەبمانەویت پەردە لەسەر راستییەکانی سیاسەتیك هەلمالین کەیەکیتی وپارتی بەناوی یەکگرتنەوەی ئیدارەوە لەم دەورەیەدا پەنایان بۆبردووە، بەلکو لەوەش زیاتر وەلامی ئەم پرسیارانە ئەتوانی کۆمەك بکات بەگەلالە کردنەوەی ئالتەرناتیڤی دلخوازی جەماوەر ودانانی وەك ئامانجیك لەبەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتییەکانی خەلکی کوردستان کەلەدژی گەندەلی وفەسادی ئیداری کەوتۆتەری. بەلام سەرەتا بابزانین چ جۆرە یەکگرتنەوەیەك جیگای مەبەستە:

## زەواجی سیاسی ویەکگرتنەوەی ئیجباری:

بەپیچەوانەی پروپاگەندەو پیناسەی یەکیتی وپارتییەوە، ئەوەی هاتۆتەگۆری، یەکگرتنەوەی"دووئیدارەودووحکومەت" نییە، چونکە نە"دووحکومەتیك" وەنە "دووئیدارەیەك" بەمانای واقعی وشەکە لەئارادایە تا باسی یەکخستن و یەکگرتنەوەیان بکری، بەلکو ئەوەی هەیە دەسەلاتی ناوچەیی ئەحزابیکی میلیشیایی و چەکداری سەروو خەلکییە، کەراستەوخۆ بەرهەمی شەری ناوخۆ ودابەشکردنی کوردستانە بەسەر ناوچەکانی نفوزدا. ئەمانە دەسەلاتیکن لەسەرو ئیرادەی خەلکی کوردستان وتەنانەت لەدەرەوەی پرۆسەی قانونی و دیموکراتی وشکلگرتنی هەر حکومەت ودامەزراوەیەك کەلەدینای ئەمرۆدا پیناسەی بۆکراوە، هاتۆنەتە بوون. هەربۆیە ئەوەی بەناوی "یەکگرتنەوەی دوئیدارەوە" ناوزەد دەکری جگەلە زەواجیکی سیاسی وگری بەستی نیوان سەرانی هەردووحیزبی دەسەلاتدار شتیکی زیاتر نییە.. گریبەست وزەواجیکی سیاسی کەلەچوارچیوەی بارووۆدوخە نیوخۆییەکانی کوردستان وهاتنە پیشەوەی ئەوگۆرانکاریانەدا کەبەدوای نەمانی بەعس، وبەحوکی سەرهەلدانی کۆمەلە بەرژەوەندیەکی هاوبەش پیویستی بۆپەیدابووە.

ناسیونالیزمی کورد بەدوای 15 سال لەدەسەلاتداریتی حیزبەکانی، هیشتا بەمانای واقعی وشە خەلکی کوردستانیان لەگەل حکومەت و سیستەمیکی ئیداری ویاساودامەزراوە بەرەورو نەکردۆتەوە، هیشتا بۆ بوونی دەولەت و حکومەت ودەستور ویاسا وبەریوەبردن خواستیکی سەرەکی وبنەرەتی خەلکی کوردستانە، کەلەبۆشاییدا راگیراوە. قورغکردنی ژیانی خەلك بەزۆری چەك وراگرتنی دەسەلاتیك لەسەر پاشماوە ئیداری و قانونییەکانی حکومەتی بەعسی هەرگیز ناکری بەحکومەت وئیدارە ناو ببری. تەنانەت ئەوەی کەیەکیتی وپارتی بۆ پیناسەکردنی دەسەلاتەکەیان پەیتا پەیتا رژیمی بەعس بەبەهانە وەردەگرن و کردویانەتە نمونەیەك بۆ پیناسەیەکی پیچەوانە بۆدەسەلاتی خویان، بەلام دوای تیپەرکردنی نیوەی تەمەنی حکومەتی بەعس هیشتا نەیان توانیوە رژیم ودەسەلاتیك دابمەزرینن کەلەچاو رژیمی بەعسدا جیگای بەراوردکاری بیت و بەواقعی پیناسەی حکومەت وبەریوەبەردن بیگریتەوە. لەمەش زیاتر خەلکی کوردستان لەتەجروبەی ئیدارەو حوکمرانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردا، لەگەل شیوەیەك لەدەسەلاتداریتی بەرەورووبون، کەنەك هەر پیناسەیەك بۆماف وئازادییە فەردیومەدەنییەکانیان نەکراوە، تەنانەت نەك هەرئەوەی ئەوان لەگەل دیاردەی کوشتنی ژنان وتیرۆرو برسیتی وهەژاری ونەبوونی خزمەتگوزاری و پەرەسەندنی کۆنەپەرستی وچەندین دیاردەی دزیوی تر بەرەو رووکراونەتەوە، بەلکو ژیانی ئەوان براوەتە نیو پشیوییەکی گەورەی کومەلایەتیەوە، کەتیدا نەیاساو نەدامەزراوەو نەئیدارەکردن مانایان هەیە. لەراستیدا ئەوەی ناوی حکومەت وئیدارەیان لیناوە، جگەلە ماشینیکی کارای کۆکردنەوەی سەروت وسامانی خەیالی لەدەستی بەرپرسیاراندا، لەلایەك وداسەپاندنی نەگبەتیو بیمافی و سەرگەردانی بۆ زۆرینەی خەلك، لەلایەکیترەوە شتیکی زیاتر نەبووە. ئەوەشی کەتائیستا خەلکی ناچارکردووە کەبەمل بەم دەسەلاتانە بدەن، زۆری چەك و مەترسی لەسەر کارمانەوەی رژیمی

بەعس بووە. .. بەم راستیانەشەوە هەرچۆنیك بیت دەبی وەلامی ئەوپرسیارە بدریتەوە كەئایا یەكیتی وپارتی بەراستی دەیانەویت ئیدارەو حكومەتەكانیان یەكخەن؟
ووتمان ئەمە زەواج وگریبەستیكی سیاسیی‌یە. بەلام لەهەر زەواجیكدا عونسووری "جەبر وبەرژەوەندی" ئامادەیە. بریاری یەكیتی وپارتی بۆیەخستنەوەی ئەمارەتەكانیان وەك هەرزەواجیكی سیاسی لەم بنەمایە بەدەرنی‌یە. لەمبارەوە ئاماژەدان بەچەند مەسەلە گرنگە:
یەكەم: بارودۆخ لەعیراق بەدوای نەمانی رژیمی بەعس وبەشداری یەكیتی وپارتی لەپرۆژەی دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراق وخۆبەستەوەیان بەئەنجامی هەلبژاردنەكان ودارشتنی دەستورو پیكیهنانی حكومەتی تازەوە، هەردوو حیزبی بەسیاسەتیكەوە بەستۆتەوە كەچاوی بریوەتە بەرژەوەندیە ئابووری‌یەكان و وەرگرتنی ئیمتیازاتیكی سیاسی لەدەولەتی مەركەزی تازە دامەزراوی عیراقدا. ئەوبەرژەوەندی هاوبەشانەی كەلەم بارودۆخەدا هاتونەتە پیشەوە، لەپال فشارەكانی ئەمریكا بۆئارام راگرتنی ناوچەی كوردستان، بەپیویست سەرانی یەكیتی  وپارتی لەسەر ئاستی كوردستانیش بەرەو نزیك بوونەوە و ریكەوتن لەسەرەوە راپیچ داوە. لیرەدا هەم ئیجباری و هەم بەرژەوەندی لەئارادایە.
دووەم: زیاتر لە10سال بەدوای شەری ناوخدا، مانەوەی تەقسیماتیكی ناوچەیی ودابەشبوونی كوردستان نەلەبەرامبەر خەلك و وەنەبۆ خودی یەكیتی وپارتی جیگای تەبریرە. بەتایبەتی  بەدوای  گۆرانكاریەكان لەئاستی عیراق وبەنەمانی حكومەتی بەعس ومەترسی دەستدریژی كردنی سەربازی بۆسەر شارەكانی كوردستان، ئیتر ئەم ئارایشتە لەدەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیزمی كورد ناتوانی مەوجودیەتی خوی رابگری بۆیە دەبی ببریتە ئاستیكی ترەوە ولە ئارایشتیكی‌تردا ریكبخریتەوە. باسی یەكگرتنەوەی هەردووئیدارە بەكردەوە نەمانی روالەتی ئەم دوو دابەشبوونەیە لەپیش چاوی‌خەلك و هاوكاتیش هەلگرتنی  بەربەستەكانی سەر ریگای خۆبەستنەوەی سەرمایەداران وپارەدارانی كوردستان ونوینەرانی سیاسی ئەم چینەیە بەبازارو ناوەندەكانی دەسەلاتداریتی‌یەوەیە لەبەغداد.
سیهەم: لەهەموو ئەمانە گرنتر ئالوگۆریكە كەلەجیگاوریگای خەلكدا پیكهاتووە. خەلكی كوردستان رۆژ لەدوای روژ میانەی خۆیانو بەرژەوەندی‌یەكانیان لەگەل دەسەلاتداران دەگرن، هاتنە پیشەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەر و راپەرینی شارەكانی رانیەو ئاكری وهەلبجەو كەلا رو خوپیشاندانی لاوان وخویندكاران لەشارەكانی كوردستان وبەرین بوونەوەی نارەزایەتی بەشەكانی خەلك بەدژی گەندەلی و وفەسادی ئیداری ... وهەروەها مامەلەیەك كەیەكیتی وپارتی لەگەل ئەم بزوتنەوەیەدا پەیرەوی دەكات ..هەموویان نیشانەی ئەوەن كەتیكرای دەسەلاتە ناوچەپی‌كانی یەكیتی وپارتی كەوتونەتە بەرامبەر خەلكەوە.  حالەتیكی ئاوا دەسەلاتەكانی هەردووحیزب لەبەرامبەر خەلكدا بەپیویست یەكدەخات..ئیستا ئیتر مەترسی راپەرینی خەلك و پەلاماردانی دام و دەزگا ناوچەییەكان، بۆتە واقعیەتیك لەبەردەم یەكیتی وپارتیدا و بەرگرتن ودورخستنەوەی ئەم مەترسیەش بەر لەهەر شتیك یەكخستنی دەزگاكانی سەر كوت ودادگا و ئاسایش وپیشمەرگەی هەردوولا دەخوازی..
هەموو ئەم واقعیەتانەی سەرەوە سەلیمنەری ئەوەن كەیەكیتی وپارتی نەئەهلی ئەوەن دەستبەرداری دەسەلاتی ناوچەیی‌یان بن و وحكومەتیكی شایستە بەخەلكی كوردستان دامەزرینن وەنە دەیانەوی ودەتوانن دەسەلاتیكی مەدەنی دابمەزرینن كە مانای حكومەت و ئیدارەكردنی هەبی. بەلكو ئەوەی ئەوان مەبەستیانە زەواجیكی سیاسی و گریبەستیكە لەسەرەوە بەمەبەستی بەرەو پیرەوەچوونی ئەو بەرژەوەندی‌یانە و ئەو مەترسیانەی كەلەبارودۆخەكانی ناوخوی كوردستان ولەوەزعیەتی ئیستادای عیراقدا  پەیدابوون. ئەگەریش باسی یەكگرتنەوەی دووئیدارە دەكەن تەنها بەمانای یەكخستنی هیزی هاوبەش ونواندنی دەسەلاتیكی هاوبەشە لەبەرامبەر خەلك و ئیعترازاتەكانیاندا. بەواتایەكی‌تر ئەمەیەكگرتنی ئەوانە لەبەرابەر خەلكدا.

## "حكومەتی خەلك" و "حكومەتی یەكگرتوو":

هیچ شتیك لەوە پوچتر نی‌یە، كەیەكیتی وپارتی یەخستنەوەی دەسەلاتەكانیان بەحكومەتی خەلك ناودەبەن، ئاخر ئەوانیك كەهیچ ئیعتباریكی خەلكیان لانی‌یەو لەسەرو بریاری ئەوانەوە شەری ناوخۆیان هەلایساند و كوردستانیان دابەشكرد و دەستیان برد بۆ هەزارویەك سیاسەتی چەوت، ئەوانیك كە رۆژانە خەلك فریّ دەدەنە نیو زیندانەكانی ئاسایشەوە وتەقە لەخوپیشاندانی خەلك دەكەن وهەركەسیك ئیعترازیكی ببی، بەتابووری پینجەم ناوزەدی دەكەن، ئیستا چۆنە وا باسی حكومەتی خەلك دەكەن! ئایا ئەمە بانگەشەیەكی درۆ نی‌یە، وەختیك لەپشتی سەری خەلكەوە  گری‌بەست لەسەر دەسەلات بكەن ووەزارەت وبەریوەبەرایەتیی‌كانتان لەنیو خوتان وهاوپەیمانتاندا دابەشبكەن؟  بەراستی ئەوە چۆن حكومەتیكی خەلكی‌یە كەئیوە پیشكەشی دەكەن لەكاتیكدا نەنوینەرانی خەلك تیایدا بەشدارە و نەئەوان ئاگاداری بەرنامەو دەستورەكەین كەبریارە لەبەریوەبردنی ولاتدا پەیرەوی لیبكری.

لەباسی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانیشدا بەراستی کی دەتوانی بەوهیزانە بروابکات کەئامادە نەبوون دەسەلاتی فیفتی بەفیفتی نیوان خۆشیان بسەلیمین، ئایا دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان ئەتوانری لەدەرەوەی دەستووری ولاتیك ولەنادیار مانەوەی چارەنوسی کوردستانەوە، دەستی بۆبریتت؟ ئایا کوردستانیك کەهیشتا نەخۆی دەولەتیکە ونەبەشیکە لەدەولەتیك تەنانەت نە ناسنامەی ولاتی بوونی دەزانری ولەکەناریشەوە بەدیار گیژاوی تیرۆریزم وشەری تایەفەگەری‌یەوە راگیراوە، دەتوانری ببیتە خاوەنی حکومەتیکی یەکگرتوو؟
ئەوەی کەپارتی ویەکیتی لەبارەی حکومەتی خەلك و حکومەتی یەکگرتووەوە دەیلین، جگەلە درۆیەکی سیاسی وچاوبەستکردنی خەلك شتیکی تر نی‌یە. ئەوەی ئەوان دەیانەویت بەم ناوەوە پیشکەشی خەلکی بکەن تەنانەت نە تیکەلکردنی تەواوی دەسەلاتەکانی ئیستایە ونەدەتوانی کوتایی بە دەسەلاتی میلیشیای وبان خەلکی بهینی، بەلکو ناونیشانیکە بۆ ریکەوتن و تەقسیمکردنەوەی دەسەلاتی هاوبەشیانە لەژیر ناوی یەخستنی چەند وەزارەتیك وچەند بەریوەبەرایەتی‌یەکدا.
هاتنەکایەوەی حکومەتیکی یەکگرتوو کەشایەنی خەلکی کوردستان بیت کاتیك دەتوانی بەکردەوە بیتەدی، کەلەپیشدا چارەنوسی کوردستان زانراوبکری، یانی کوردستان ببیتە دەولەت و لەوەزعیەتی نامەعلومی ئیستای وەك ولاتیك دەربیت، پاشان ببیتەخاوەنی دەستور وریسایەك کە هەم خەلك تیادا دەخالەتی بوبیت وهەم هیزەکان پیوەی موتەعەهد کرابن. بەبی ئەمە باسی حکومەتی یەکگرتوو، تەنها مەسرەفی راگەیاندن هەیە و بۆ چاوبەستی خەلکە.

## قسەی ئاخر:

بیگومان کوتایی هینان بەدەسەلاتە ناوچەیی‌یەکانی پارتی ویەکیتی و هەلگرتنی تەقسیماتیك کەبەسەر خەلکەوە داسەپاوە، یەکیك لە خواستەکانی خەلکی کوردستانە، بەلام بەدی هاتنی ئەم خواستە هاوتایە بەهینانە کایەوەی حکومەت و دەسەلاتیك کەلەگەل تەوەقوعات و خواستەکانی خەلکیدا دیتەوە. بەبی دەخالەتی خەلك و ئامادەبوونی نوینەرانی هەلبژیردراوی خەلك لە دەسەلات و شیوەی حکومرانیدا، پیکهاتنی هەرجۆرە حکومەتیك ناتوانی ئەم تەوەقوعات و خواستەی خەلکی بەدی بهینی. بەلام لەم پیناوەدا سەرەتا خواستی سەربەخۆیی کوردستان ودامەزارندنی دەولەتیکی نەقەومی ونەئاینی، ئەتوانی بەردی بناغەی ئەو حکومەتە بیت کەوەلامی خواستەکان و تەوەقوعاتی خەلکی بداتەوە وهاوکات کوردستان لەم سەرگەردانی و نادیارمانەوەی چارەنوسەدا دەربکیشی و کوتایش بهینی بەدەسەلاتی میلیشیایی وئەحزابی چەکدار و ریگا بکاتەوە بۆ هینانەکایەوەی حکومەتیکی مەدەنی وپرۆسەی بەمەدەنی کردنی دەسەلات لە کوردستاندا. هەربۆیە نابی لەباری سیاسی‌یەوە خەلکی کوردستان بەرامبەر بەم هەنگاوەی یەکیتی وپارتی ویکگرتنەوەی ئیدارەکانیان بەبی موبالاتی‌یەکی سیاسی بگەن، چونکە هەردووحیزبی دەسەلاتدار خەریکن یەکگرتنەوەی دەسەلاتەکانیان بە"حکومەتی خەلك وجەماور"، "حکومەتی موئەسەسات و قانون"، "حکومەتی خزمەتگوزاری" وشتی لەمبابەتە ناوزەد دەکەن.
دەبی لەنیوکەشوهەوای نارەزایەتی وئیعترازاتەکانی ئەمرۆی خەلکی کوردستاندا باسی جۆری حکومەت وئیدارەو دەسەلاتی دلخوازی جەماوەر بەرووی دەسەلاتدا بهینریتە کایەوە. خەلکی کوردستان نابی راوەستانەوەیان بەدژی گەندەلی بەتەنها لەئاستی داوای باشبوونی ژیان وهینانەدی خزمەتگوزاری‌یەکان بمینیتەوە و لەخوارەوە راوەستن ودەسەلات وحکومەتیش بۆسەرانی یەکیتی وپارتی بەجی بهیلن. بەتایبەتی کەباشترکردنی گشتی ژیانی کۆمەلایەتی خەلك وجیگیرکردنی خواستەکان بەبی دەخالەتی سیاسی هەر ئەوخەلکە لەکاروباری حکومەتو بەدەسەتەوە گرتنی ئەلقەکانی دەسەلات هەم لەسەرەوە وهەم لەخوارەوە ناتوانری هەول وخەباتی جەماوەر بەئەنجامیکی ئەکید ومسۆگەر بگەیەنی وتەنانەت ئەو دەستکەوتانەی کەبەدەست دین بۆ دریژماوە بمینیتەوە. خەلکی دەبی بگەنە ئاستیك کەهەم داوایان ببیت و هەم دەسەلاتی جیبەجی‌کردن و جیگیرکردنیان لەیاسا ونەزمی کۆمەلایەتیدا هەبی.. بۆگەیشتن بەحالەتیکی ئاواش نابی ریگابدەن کلاوی "حکومەتی یەکگرتووی" یەکیتی وپارتیان بچیتەسەر، بەلکو دەبی هەر ئەمرۆ ئەوان بۆ خواستی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزاراندنی حکومەتیکی سکولاری نەقەومی بینە مەیدانەوە و ژیانی خۆیان و داهاتووی نەوەکانیان لەکایەی سیاسی ئەحزایی ناسیونالیستی کورد دەرکیشن. ئەمە تەنها وەلامیکە بەزەواجیکی سیاسی کەیەکیتی وپارتی خەریکن بەناوی "حکومەتی یەکگرتوو وخەلکی"یەوە دەستی بۆدەبەن.... 2006/4/26